تەقدوم: بەیارەکەی دادگا بە بەتاوانی حەلبوسی مافی گەلانەوەی بە سەرکایەتی پەرلەمان پەدەبەخشێت

سەرکردەیەکی پارتی تەقەدوم پشتڕاستیکردەوە، ئێستا محەمەد حەلبوسی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پێستی سەرکایەتی پەرلەمانی عێراق، ئەمەش دوای بڕیارەکەی دادگا بە بەتاوانی لە هەمو تۆمەتەکانی پێشوی کە ئاراستەی کرابون.

عەمار جومەیلی سەرکردە لە پارتی تەقەدوم کە حەلبوسی سەرکایەتی دەکات لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، "بڕیارەکەی دەسەڵاتی دادوەری عێراق بە بەتاوانی حەلبوسی لە هەمو ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کرابون، ئێستا بەشوەیەکی یاسایی مافی گەڕانەوەی بە سەرکایەتی پەرلەمان پێدەبەخشێت، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو بابەتە نەدراوە و پەیوەستە بە ئیرادەی حەلبوسیەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حەلبوسی دوای بەتاوانی، دەبێتە کاندیدی ژمارە یەك بە پارتی تەقەدوم لە بەغدای پایتەخت، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا" جەختیشیکردەوە "پێگەی سەرکی پەرلەمان لە خولی داهاتوی پەرلەماندا لە بەرژەوەندی حەلبوسی یەکلایی دەکرێتەوە".

پشتر ئەوارەی ئەمە پارتی تەقەدوم ڕایگەیاند، دەسەڵاتی دادوەری عێراق، بەتاوانی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پارتەکەی سەلماند لە هەمو ئەو تەمەتانەی کە پشتر ئاراستەی کرابون.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی پارتی تەقەدوم بڵاویکردەوە، دادگا پەیوەندیدارەکان بیاری لەتکردنەوەی سکاڵاکان و هەڵوەشاندنەوەی تەمەتەکان و داخستنی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر حەلبوسی دەرکردوە، ئەم بیارانەش لەلایەن دادگای تۆهەڵچونەوەی فیدراڵی پەسەندکران و بون بە کۆتایی".